# مامۆستا و دیاری

**عومەر جەلال _چەمچەماڵ**
Omargalal2004@yahoo.com

**هەرگیزاو هەرگیز ئەو ڕۆژانەی سەردەمی قوتابخانەم یاد ناچێتەوە کەماموستاکانم دیاری تایبەتی دەبەخشی بە قوتابییە زیرەکەکان ,لێ منیش یەکێك بووم لەو قوتابییانەی کەلە دیاری ماموستا بێبەش نەدەبووم,ماموستا ئەو مرۆڤە ناسکە بوو کە ئەم هەموو مرۆڤانەی درووست کردو گەورەترین قوربانیو سوتماکی هەموو جەنگەکان بوو.پاش ڕاپەرین ماموستا نەك دیاری بەڵکو تەنانەت لە چاوەڕوانی دیاری تایبەتی ئەو قوتابیانەدا بوو کە ئەمڕۆ درووستیانی کرد.**

**نامەوێت ئازاری ماموستا ئازیزەکان بدەم ,گرنگ بوو کە گەورەترین دیاری لەلایەن حکومەتەوە لەسەرەتایی کردنەوەی دەرگای قوتابخانە ببەخشرێت بە ماموستا,تەنیا ماموستایە جودا لە هەموو توێژەکانی دی دەتوانێت گۆڕان لە کۆمەڵگە دا بکات.کەس نییە لە ئێمە بەسیاسییەکانیشەوە قەرزداری هەستی ناسکی ماموستا نەبێت,زەمانێك ماموستا لە تەك قوتابییەکانی لە یەك شوێندا کاریان دەکرد ئەمە لە بوونی ماموستا کەم ناکاتەوە بەڵکو هەڵەی کۆمەڵگە وای کردووە توێژی ماموستا ناشرین بێت,گەورەترین گوناهی دەسەلاٌت ئەوەیە ماموستا فەراموش دەکات,ماموستا دەنێرێتە گوندە دوورەکان بە مووچەیەکی کەم کە زۆرجار بەشی کرێی هاتوو چۆی ناکات ,چ جای ئەوەی کە لە هەموو سەرمای زستان بێبەش نابێت,ئەمە دیاریەکە حکومەت بە مەبەستی یارمەتی دەیبەخشێتە ماموستا ,ئەگەر ئەمڕۆ قوتابییەك چاوەڕوانی دیاریەك لە ماموستاکەی بکات کە ڕەنگە هەمووان لە سەردەمی منداڵیماندا خۆشترین سات بووبێت لامان ,ئەوە دەبێت هەنووکە چاوەڕوانی بێزاری ماموستا بێت.ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە سەردەمی منداڵی و بەراووردێکی ناچارانەی بکەین دەبینین هەنووکە ڕێزێکی وانەماوە لە نێوانی (قوتابی و ماموستا) سەردەمانێك ئەو کۆڵانەی کە ماموستاکانی تێدا نیشتەجێبوو شەرمەمان دەکرد بەو ێدا بڕۆین .لەشەرمدا ڕەنگمان وەك گەڵای پایز زەرد دەبوو,دەشێ تەواو پێچەوانە بووبێتەوە ئێستا هەر لەیەکەم ساتی ناسینی ماموستا لەوانەیە قوتابی وەك شتێکی زۆر سانا وەریبگرێت.**

**(دیاری تایبەت) جوانترین و بەخشندەترین کارە کە مرۆڤ پێشکەشی دەکات بە هاوڕێ ئازیزەکانی کە ڕەنگە لای زۆرینەی مرۆڤ وەك سیمبولێکی ناسك هەڵدەگیرێت ,ئەگەر هاتوو دیاری ماموستاکەت بێت ,ڕەنگە هەرگیز لەیاد نەچێتەوە,ئەوەی وا دەکات ماموستای ئەمڕۆ و دوێنێ نەتوانن بە بەخشینی دیارییەکی چکۆلانە دڵی قوتابییەکەی خۆش بکات ,ئەوە هەڵەی ئەم سیستمەی دەسەلاٌتە کە وای لە توێژی ماموستا کردووەخۆیان لە چاوەڕوانی دیاری دا بن ,دەسەلاٌت وادەکات ماموستاکانی وولاٌتە خەمناکەکەم لە تەنگەژەی چاوەڕوانیەکی گەورەدابن.چاوەڕوانی هەموو ماموستا و قوتابییەکانی گرتووەتەوە,قوتابی چاوەڕێی مەنهەجی نوێ دەکات ,یان گۆڕان کاریەك کە زۆر جار لە کۆتایی ساڵدا دەگاتە قوتابخانەکان ,ماموستا لە چاوەڕوانی ئەودایە کەی مووچەکەی بگاتە مووچەی تەنیا ڕۆژێکی وەزیرێك (لە ساتێکا ئەو ڕۆژە وەزیر پشووبێت).قوتابی زانکۆ تەواو دەکات لەچاوەڕوانی دامەزراندن دا پیر دەبێت کە دابمەزرێتیش بەشی شەوێکی بەرپرسانەی ناکات.گرنگە دەسەلاٌت وەك ڕێگایەك بە خۆیدا بچێتەوە ,لێ گەورەترین بێئومێدی وەك دیاریەك کە دەسەلاٌت دەیبەخشێت بە ماموستا تەنیا لە چاوەڕوانیدا دەیهێڵێتەوە,ئەمەش دەکاتە ئەوەی کەلێنێکی گەورە لە نێوان دەسەلاٌت و توێژی ماموستادادرووست ببێت.بۆ ئەوەی خۆشەویستی نێوان ماموستا و قوتابی بگەڕێتەوە و دەسەلاٌت ببێتە پردی پەیوەندی نێوانیان باشتر وایە لەم ساتە کە توێژی ماموستا لە لوتکەی بێزاری دادەژێت,هەر لە کەمی مووچە تادەگاتە ئەو گرانییەی بازاڕی گرتووەتەوە,دەشێ ماموستا لە بیری ئەوەدا نەبێت و خەم و ئازار وای لێبکات نەتوانێت دیاری تایبەت ببەخشێت بە قوتابییەکانی.**